# "حەمەڕەشیدهەرەس "لەوەڵام بە پرسیاری دەنگەکان
# لە حەڤدەهەمین ساڵ ڕۆژی تراژیدیای ئەنفال

**دەنگەکان : ئایا توانراوە ئەنفال وەک ئەوەی کە هەیە , نەک ئەوەی کە دەسەڵاتداری کوردی ئەمرۆ دەیەوێت , بکرێت بەمێژوو ؟**

**حەمەڕەشیدهەرەس-** ئەنفال یەکێکە لەو کارەتساتە هەرە مەزنانەی کە مێژووی کۆکوژی بە خۆیەوە دیوێتی، بە مێژووکردنی ئەم کارەساتە ئەگەر هەلومەرجی کورد لەبەرچاوبگرین هەروا ئاسان نیە، ئەم پرۆسێسە بە دەسەلاتێکی فەرمی یان نیمچە فەرمی دەکرێت، چەند دامەزراوێکی تواناداری بەدواوەبێت، بە پاڵپشتی رادیۆ و تەلەفزیۆن و دەزگای چاپ و پسپۆرانی راگەیاندن، ئێستاش هۆلۆکۆست هەموو توانای ئتسرائیل و لۆبی جوولەکەی بە دواوەیە، هیرۆشیما حکوومەتی یابان بە هەموو توانایەوە لە کۆششی ئەوەدایە لەبیر رای گشتی جیهان نەچێتەوە، کەچی ئەنفال وەک ژمارەی قوربانی و پێناوکە لە هەردوکیان مەزنترە، دەسەلاتی کوردی دەیەوێت خەفەیکات و لە بیری خەڵکا کاڵیکاتەوە، چونکە بە مێژووکردنی ئەنفال نیشانەو هێماو سەلماندنی ئەو راستیەیە، کە بە هیچ جۆرێک عەرەب و فارس و تورک لێناگەرێن کورد لەسەر خاکی خۆی بە ئارامی بژی، مەبەستیشم شۆڤێنیەتی ئەو گەلانە نیەو خۆم هەلناخلەتێنم، هەر هەموو تاکێکیان، کەم یان زۆر ئەوە بۆچوونیانە، تاکوتەراش بە هیچ جۆرێک پێوانە نیەو نابێت دلیان پێخۆشکرێت، کەچی ئەم بۆ چوونە لای دەسەلاتی کوردی پەشمەو، بەرچاوترین بەلگەش هەڵپەی جەلال تالەبانی بوو، بۆ سەرکردایەتی عێراقی عەرەبی و دروستکردنەوەی ئەو عیراقەی هەوێنی مەینەتی کورد ئەبێت و هەر لە ئێستاوە دانەچیرەیانە.

لەودیو دەسەلاتیشەوە توانا سنووردارە و کایە مایە کوردی هەندەرانە، کە هەرچەندە درێخی نەکراوە، بەڵام ئەو تواناو پێداویستیانەی باسمکرد چەمکێکی گرنگە بۆ پێشەوەچوونی پرۆسێسەکە، بە رەچاوکردنی ئەو خالەش کە دەسەلاتدارانی ولاتانی هەندەرانیش زیاتر بایەخ بە دەسەلاتی ناو کوردوستان ئەدەن و گوێ لەوان دەگیرێت، کەواتە دەبێت هەر فشار بخرێتەوە ناو کوردوستان، کردارەکە لەوێوە سەرچاوە بگرێت و هەموو لایەک پاڵپشتی بکەن، لێرەدا توانای رۆشنبیری هەندەران رۆلی کاریگەر دەبینێت، چونکە دەربڕینی ئازادانە لە کوردوستان، نانبڕاو و شتی تریشیان دەکات و کورم ئەوێت بلێت لەل، لەلێکی لای ئەوان بقڤە، بەهەر حاڵ جمو جوولی کوردی هەندەران بەو توانایەوە باسمانکرد مایەی دەستەبەرکردنی مەبەستەکەمانە لە ئایندەیەکی دیارینەکراودا، چونکە پێداگرتن و کۆڵنەدانیش دەبێت حسابیان بۆ بکرێت.

**دەنگەکان : ئەو ئەرکانە چین لەسەر شانی ڕۆشنبیری کورد لە نزیک و دوورماوەدا , سەبارەت بەکارەساتی ئەنفال ؟**

**حەمەڕەشیدهەرەس-** بمانەوێ یان نا رۆشنبیریی کوردی ئەمرۆ بۆتە دووبەشی جیاواز لە رەنگدانەوەو دەربڕیندا، وەک لەبەرچاوە بەرهەمەکانی رۆشنبیری هەندەران لە رووی هەلمالینی راستیەکان، ئازادیەکی نکوولی لێنەکراوی گرتۆتە توێکانی بەلام ئەو ئازادیە نەک لە کوردوستان بەڵکو لە هەموو رۆژهەلاتا بزرە،خۆ ئەگەر ئازادیەکی پراوپڕیش هەبێت، ئەوا نابێت بەدەسەلات، ئەنفال هەر عەرەب ئەنجامینەدا کوردی ناپاکیش شانبەشانی ئەوان بەشداربوون، هەمووشیان ئێستا لە کوردوستانن رۆشنبیریش تا سنوورێک دەسنیشانی کردوون و لەقاوی داون کەچی لە هەموو کەس دەستڕۆشتووترن و بگرە لە جارانیش زیاتر پێیان لێراکێشاوە، جا کەواتە با ئازادی هەر لە وورگی خۆییات، بەلام جاشێک پەرییبێتە هەندەرانەوە ئەوەی بۆ نالوێت قسەم لەسەر ئەوانە نیە، کە دێن خویان بە حیزبەکانەوە هەلدەواسن، وا یەکێکیان لە کەنەداوە کرد بە ئەندامی پەرلەمانی سەر بە( ینک) کە تا دوێنێ جاشی

بەرێدەخست و بەشداری ئەنفالیان دەکرد. بەهەر حال ئەرکی سەرشانی رۆشنبیرە کە دامەزراوی پتەو دروستکەن بۆ کۆکردنەوەی وردودرشتی ئەو زانیاریانەی ئەنفال لە دۆکیمەنت، کاسێت، فلیم، وتەی گەواهەکانی ناو ئەنفال خوی .... هتد و لە هەموو بۆنەکاندا لە هزری کوردو بێ لە کوردا نوێبکرێنەوە، سوود لە هەنگاوانە وەرگیرێت و شوێنپێی پرۆسێسەکانی هۆلۆکۆست و هێرۆشیما هەڵگیرێت بە داهێنانی نوێوە کە جیهانگیری و تەکنیکی نوێ پاڵپشتی بکات، وەک وتمان لە پەستا فشاری راگەیاندن بخرێتە سەر دەسەڵاتی کوردی و نەتەوەکەیان لێ هۆشیارکەنەوەو یەخەی نیهاد و ویژدانیان راتەکێنن، کە بەرەو بارستایی کارەساتی ئەنفال هەڵکشێن و سات و سەوای لەسەرنەکەن.

دەنگەکان : **دیاریکردنی رۆژێک بۆ ئەنفال بیرۆکەیەکی سەرکەوتووە ؟**

**حەمەڕەشیدهەرەس** کیمیابارانی هەڵەبجە لە 16 ی مارچی1988 سەرەتای کردارە چەپەڵەکەی ئەنفالە، یادکردنەوەی ئەو رۆژە، یادکردنەوەی هەرچی کارەساتی کوردە بەدەست عەرەبەوە هەر لە یەکەم قاچ خستنیانەوە لەسەر خاکی کوردوستان و بڵاوکردنەوەی ئاینە شوومەکەیانەوە تا ئەو رۆژەی ئەوەی وتی یابە وەک میوانێکی ئێسکگراننەبێت لە سەر خاکی کورد نەمێنێت، بەسە بابەس دڵپاکیمان و لێبووردەییمان ببێتە دوژمنی باوەکوشتەو خوێنخۆرمان.